# کۆسە چوو بۆ ڕیش . . .

رەحمان سۆفی

نازانم بۆ لە ماڵ دەر دەکەوم. بڕیارم نەداوە کە بچمە کوێ. لە تاو باران خۆم دەکەم بە چایخانەیەک دا. هەر کە دەچمە ژوورەوە، هەڵم و دوکەڵی سیگار هاشاوڵم بۆ دێنێ. ماوەی چەن چرکە تەم بەر چاوم لێڵ دەکا. چاویلکەکانم لە بەر چاوم دائەگرم و خاوێنیان دەکەمەوە. چاوەکانم هەڵدەگلۆفم و دەستیان پێدا دێنم. چاوە چاوێک دەکەم. دەڕوانم بە ساڵۆنی چایخانەکەدا. پڕە لە میوانی جۆراوجۆر. . .

وەک ئەوەی لە بزر بوێک بگەڕێم چاو دەگێڕم. بەڵام ناسیاوێک بە دی ناکەم. ئەو کەسەی کە من بە بێ مەبەست بە دوایدا وێڵم نایتە بەر چاوم. سەرنجم دەڕوا بۆ لای دەستەیەک کوڕ و کچی لاو کە لە دەوری مێزێکی گردی گەورە دانیشون. بە گەرمە قسەدەکەن و قا قا پێدەکەنن. قریشکەیان بە فەزای چایخانەکەدا بڵاو دەبێتەوە. نزیکتر دەڕوانم لە لای ئەوانەوە سەندەڵیک بەتاڵە. دەچمە پێشەوە و بە ئەدەبەوە لە یەکێکیان دەپرسم « ببوورە، بۆم هەیە لێرە دانیشم ؟ »

بەڵام ئەو لە وەڵامدا بە مۆڕەوە خێسەیکم لێدەکا و دەڵێ « نا، جێگای کەسێکی دیکەیە، ئێستا دەگەڕێتەوە »

بە ڕەفتاریدا تێدەگەم حەزناکا منی بێگانە و نامۆ لای ئەوانەوە دانیشم. منیش خێسەی لێدەکەم و ئەیدەمە بەر پلاری سەرنج و توانج. بەڵام بێجگە لە وەی کە لە دەروونی خۆمدا پیش بخۆمەوە هیچم لە دەست نایە. لێوی خۆم دەکرۆژم، هەناسەی ساردی غەریبی و نامۆیی هەڵکێشم

لە قوژبنێکەوە لە پنای دیوارەکە ڕادەوێستم. چاوەڕوانم کە بەڵکو یەکێک لە دانیشتن وەڕەزبێ و هەستێ بڕوا و بچم دانیشم. چاویلکەکانم هەر بەدەستمەوەیە. دووبارە خاوێنیان دەکەمەوە. و لە چاویان دەکەمەوە. لە پەنجێرەکەوە دەڕوانمە ئەو دیوی شوشەکە. باران خێراتر و بێ وچان دەبارێ. هەڵبەتە تەنیا باران نییە، بەفر و باران پێکەوەیە. واتە شلێوە دەکا. ئاوڕ ئەدەمەوە، بەختم یارە. دوو کەس هەڵدەستن و دەردەکەون. منیش خێرا خۆم دەگەینمە لای مێزەکە. بە بێ پرس، چاکەتەکەم لە بەرم دەردێنم و ئەیدەم بە سەر سەندەڵیەکەدا. بە کەیفی خۆم دائەنیشم. سەیرێکی دەور و بەرم دەکەم. ئەو کوڕە کە لێمپرسی بۆم هەیە لێرە دانیشم ، بەلا چاو تەماشایەکم دەکا. هەمیسان قاقای پێکەنینیان بەم سەر و ئەو سەری چایخانەکەدا بڵاو دەبێتەوە. یەکێک لە کچەکان ئاوڕ ئەداتەوە بۆ لای من. سەر لە نوێ قریشکەی پێکەنینیان بە رز

دەبێتەوە. بە سەر خۆمی ناهێنم. گوێی لێ دەئاخنم. دەچمە دنیای خەیاڵاتی خۆمەوە. نوقمی گۆلاوی بیرکردنەوە و تێڕامان دەبم. مەلی خەیاڵم باڵ دەگرێتەوە، بەرەو فەزای بێ سنوور ئەدا لە شەقەی باڵ. نیازی نییە لە سەر گوێسوانێک، یان لقەدارێک بنیشێ و ئارام بگرێ.

بیرەوەریم دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتی خۆمان. بۆ هەرێمی موکریان، بۆ شارە جوانەکەی بۆکان. دەڕوا بۆ لای قەڵای سەردار، حەوزە گەورە و مزگەوتی جامێعە. بە خەیاڵات دائەگەڕێم بۆ چایخانەکەی " عەوڵای خات خاوەر" دەچمە ژوورەوە. تەماشادەکەم پڕە لە میوانی جۆراو جۆر. دەستەیەک ڕێبواری مێزەر و شەدە بەسەر دانیشتون. هەرکەسێ بە شتێکەوە خەریکە. یەکێک چایی تازەدەم و پڕ رەنگ هەڵدەقوڕێنێ. یەکی دیکە نان و پەنیر بە چایی شیرینەوە دەخوا. یەک سەبیلەی پڕ کردوە لە توتنی خۆماڵی و مژی لێ ئەدا، و دووکەڵ بڵاو دەکاتەوە. جار بە جاریش دەکۆخێ. یەک دوانێک بە دەنگی بەرز قسەدەکەن. باسی ئاژەڵداری و کشت وکاڵ و باخداری و حاسڵاتی ساڵ بۆ یەکتر دە گێڕنەوە.

مام عەوڵا ڕوو دەکاتە من و دەڵێ « بە خێر بێێ کاکە ، چایی دەخۆیەوە یان نانت بۆ بێنم ؟ »

لە وەڵامدا دەڵێم « چاێیکی تازەدەم و قلیاناوێکیشم بۆ داگرسێنە »

پیاوێکی پیری شەدە بەسەر کە بە دابی لای فەیزوڵڵابەگی لایکی شەدەکەی هێناوەتە سەر تەوێڵی و لفکەیکی بە لاملیدا بەر داوەتەوە و لەگەڵ کوڕێکی مێرمنداڵ خەریکی نان و ماستاو خواردنن. کابرا باوەکوو پاروو لە دەمدا با ئەدا دەڵێ

« کاکە فەرمو تیکەیک نانمان لەگەڵ بخۆ»

نوقمی ئەم بیرەوەرییە دەبم، کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵە های ساڵی لە مەو بەر، ئاگام لە خۆم نییە. لە نەکاو دەنگێکی نەرمی ژنانە لەو فەزایەم وەردەگێڕێ. دێمەوە نێو فەزای چایخانەکە و ئەم سوێدە سارد وسڕە و پڕ بارانە. سەرم هەڵدەبڕم و سەیر دەکەم. کچێکی باڵا بەرزی چاو شین، قژکاڵ، خوێن شیرین و لە دڵەوە نزیک بە ڕوو خۆشییەوە دەڵێ

« فەرموو، چ دەخۆیەوە. چای، قاوە شەربەت ؟ »

تەماشایکی سیگارەکەی نێوان پەنجەم دەکەم. بێ ئەوەی دایگرسێنم دەڕوانمە کچە و دەڵێم « ئاها، بمبورە هۆشم لێرە نییە، زەحمەت نەبێ قورییەک چاییم بۆ بێنە « کچە گورج دەڕوا، زۆری پێناچێ دەگەڕێتەوە. قۆرییەک چایی و دوو کەیکی لە سەر کەشەفێک بە دەستەوەیە. لێم نزیک دەبێتەوە. لای شانی ڕاستمەوە دەوێستێ قۆرییە چایەکە لە بەر دەستم دائەنێ. بزەیەکی

بێتین دێته سەر لێوی. چاوه ڕێیه که حەقی چاییەکەی بدەمێ. پووڵی چاییەکەی ئەدەمێ. دەڕوا بەلای کاری خۆیەوه .

هەناسەیەک له ناخەوه هەڵدەکێشم. سیگارێک دائەگرسێنم. چاوێک له فینجانەکەی بەر دەستم دەکەم، مژێک له سیگارەکەم ئەدەم. سەرم هەڵدێنم و له شوشەی پەنجێرەکەوه دەڕونمه دیوی دەرەوه. هۆشم ئەگەڕێتەوه بۆ لای چاییەکەی بەر دەمم. فینجانەکه پڕ دەکەم و قومێکی لێ دەخۆمەوه، مژێک له سیگارەکەم ئەدەم و دەچمه قوڵایی بیر و خەیاڵاتی خۆمەوه. له دەرەوه بارانەکه بەردەوامە. میوان دێنه ژوورەوه. یەک دوانێک هەڵدەستن و وەدەر دەکەون. هی وا هەیه پاڵتاوی بارانی له بەردایه. هی واش هەیه کڵاوی له سەر دایه و تا بناگوێێ داکێشاوه. زۆربەشیان چەتریان به دەستەوەیه. چاو دەگێڕم به ساڵۆنی چایخانەکەدا. دەڕوانمه پەنجێرەکه و بارانەکەی دەرەوه. سەرم وەر دەگێڕم سەیری ئەم لاولای خۆم دەکەم. دیسان حیلک و هۆڕی پێکەنینی ئەو دەسته کوڕ و کچەی دەوری مێزەگردەکه سەرنجم ڕادەکێشێ. دەکەومه گومانەوه.

خەیاڵم دەڕوا، سوتووی سیگارەکه له دەستم بەر دەبێتەوه و دەکەوێته نێو چایەکەم، پەنجەشم دەسوتێنێ. ئەم جار مەلی نیگام دەفڕێ بۆ لای تابلۆ هەڵواسراوەکانی دیواری ساڵۆنەکە. خانووەکه بینایەکی کۆنساڵی له مێژینەیه. وەک « قەڵای سەردار » دێته بەر چاوم. بەڵام بەو جیاوازییه، که قەڵای سەردار له « بۆکان » و له خاکی کوردستان دروست کراوه. بەڵام ئەم خانووه له مێژینەیه له « گوتەنبەرگ » و له خاک و بەردی سوێد ساز کراوه.

چایی دەخۆمەوه. به تاسەوه مژ له سیگارەکەم ئەدەم و دووکەڵی خەم به با دەکەم. ئەمجار سەرنجم دەڕوا بۆ لای کچێکی سپیکەلانەی قژکاڵ و لێو سوور که لەگەڵ کوڕێکی قوله ڕەشەی ئەفریقایی وەکوو « ماری عاشقه و ماشقه « له یەک هاڵاون. دەکەومه دنیای ئەندێشه و تێرادەمێنم. له دڵەوه دەڵێم « **خۆشەویستی ڕەگەز ناناسێ، و سنووریشی نییه. گوێ ناداته ڕەش یان سپی بون و نەبونی ئەم و ئەو. . . »**

هەندێک گرژ دەبم. دەمەوێ هەستم و بڕۆم، بەڵام بارانەکەی دەرەوه خاوم دەکاتەوه. له بەر خۆمەوه دەڵێم. " ئاو و هەوای ئەم وڵاته مرۆڤ فسوڵ دەکا. بۆ وا تەمەڵ و تەوەزەل بووم! خۆ من له وڵاتی خۆمان ڕۆژەڕێ یەک به بەفر و باران به ڕێدا دەڕۆییم. بۆ ئێستا زاتم نییه بچمه بەر باران. ئەوه هات و بەم زووانه باران خۆشی نه کردەوه . . .

دەڕوانمه سووچ و قوژبنی ساڵۆنەکە. چەن مێز لەو لاترەوه بۆ لای درگاکه، دوو دڵداری دیکه دەبینم، سەریان ناوه به سەری یەکەوه ،و ڕاز و نیاز دەکەن. کچەکه سەری وەردەگێڕێ و من

دەبینێ. بە شەرمەوە تۆزێک لە کوڕە دەکشێتەوە. گوێم لێیە بە سرتە و بە سوێدی دەڵێ « نا، وامەکە ، ئێستا نا، » بە دەنگیدا دەیناسمەوە، کچە چکۆڵەکەی مامۆستایە. بۆ ئەوەی کە شەرم نەکا و بە خۆیدا نە شکێتەوە، ڕووم وەردەگێڕم. مژێکی لە سیگارەکەم ئەدەم و دووکەڵەکەی هەڵدەمژم و دەکوژێنمەوە. هەڵدەستم، چاکەتەکەم لە بەر دەکەم و دەمەوێ بڕۆم. بە ناچار دەبێ بە لای ئەواندا تێپەڕم. نزیکیان دەبمەوە، کیژەکەی « مامۆستا » ڕوو لە من دەکا و بە ڕوو خۆشییەوە، بە سوێدی سڵاو دەکا.

بە کوردی دەڵێم « ڕۆژ باش ! کیژۆڵەی مامۆستا ، ببورە لە هەوەڵەوە نەتم ناسییەوە »

ئەویش سەرێک دەلەقێنێ و دەڵێ « قەیەی ناکا، هیچ نابێ »

دەڵێم « خۆ تۆ کوردی، کچی مامۆستای باوکت لە ڕێی کوردایەتیدا ئاوارەی ئەم وڵاتەیە، بووە بۆ بەکوردی قسە ناکەی ؟ منیش هاو وڵاتی ئێوەم. پێم خۆشە بە زمانی خۆمان قسە بکەی »

نازانم لە قسەکانم دڵگیر دەبێ یان نا، تۆ بڵێی لە مەبەستم تێ بگا؟ بەڵام ئەو هەمیسان بە سوێدی یەکەی خۆی دەڵێ

« من کوردی کەم دەزانم، ڕاستە کە دایک و باوکم کوردن، بەڵام من هەرگیز لە کوردستان نەبووم »

دەڵێم « قەیدی ناکا، ئەگەر بگەڕێتەوە بۆ وڵاتی خۆمان، لەوێ فێری کوردیش دەبی. بنێشتەکەی لە دەمیدا دێنێ و دەبا، شانی هەڵ ئەتەکێنێ و بە چاو و برۆ و دەست دەڵێ « ئا، بەڵام نازانم بەڵکو »

سەیرێکی دەکەم، نازانم بڵێم چی. ئەوەندەی دیش باری وەڕەزی و بێ تاقەتیم قورس و گرانتر دە بێ. هیچم بۆ نامێنێتەوە، تەنیا ئەوە نەبێ، دەستم بۆ لای ڕادەوەشێنم و بە سوێدی دەڵێم زۆر باشە، جارێ خودا حافیز

لە چایخانەکە وەدەر دەکەوم، خۆم ئەدەمە ژێر باران و دەست سە رما. دەڕۆم و ئەو قسەیەی باوە گەورەمم وەبیر دەهێتەوە کە دەیگوت « کۆسە چو بۆ ڕیش، سمێڵیشی دۆڕاند »

ژانویە 1997 سوێد